شاندەکی پارتی سەردانی بەغدا دەکات بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت



شاندەکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە سەردانی بەغدا دەکات بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

ئەمینا زکری، ئەندامی نووسینگەی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند، "شاندەکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرکایەتی نەچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و لەگەڵ هاوپەیمانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کۆدەبێتەوە".

وتیشی: بارزانی لە دوایین کۆبوونەوەی نووسینگەی سیاسیدا بڕیاریدا سەردانی بەغدا بکات و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ هاوپەیمانی بەڕێوەبرایەتی دەوڵەت ئەنجام بدات.